سەرکی یەکێتی لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکان پەیامێکی بڵاوکردەوە



بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرکی یەکێتی رایگەیاند، هەڵدەبێت قۆناغی نوێی کارکردنیان لەگەڵ کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان، هەنگاونان بێت بۆ ئاستێکی قووڵکردنەوەی ئاشتی و ئاوەدانیی زیاتر لە ناوچەکە، دەشڵێت، "پێکەوە لێگەڕێ بۆ عەرەبەکانمان بۆ شیعەو سوننە، بۆ تورکمان و هەموو نێتەوە و پێکهاتە رەسەنەکانی تر کاردەکەین بۆ بنیادنانی داهاتوویەکی گەشتر کە خۆی خۆشویستکەمان چاوەڕێی خزمەتی زیاتر و ژیانێکی شایستەترمان لێدەکەن".

بافڵ جەلال تاڵەبانی ئەمڕۆ هەینی لەڕێ پەیامێکدا لەبارەی راگەیاندنی فەرمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، رایگەیاند، "کوردستانیانی خۆشویست لە کەرکوك، خانەقین، مەندەلی، مەخمور، دەشتی نینەوا، شەنگال و دوزخورماتو، پێرەزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنتان لێدەکەم و شانازی بۆ رەحیلەتە نێتەوەیی و نیشتمانییەتانەوە دەکەم کە لە رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نیشانتاندا و شانازییەکی ترتان لەمێژودا نوسییەوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "دوپاتکردنەوەی کوردستانیبونی ناوچە دابڕاوەکان و هەڵبژاردنی

یەکێتیی وەك نوێنەری راستەقینەی خەڵتان، وانەیەکی مێژوییە و لێبیری ناکەین، ئەرك و بەرپرسیارێتیی ئەمنیە بەرامبەر دەسزیتان وەفاداربین و بارتەقای خەباگریتان، خزمەتتان بکەین، ئەوی سەرك مام جەلال بە کەرکوکی کرد لە خزمەتکردن و قوکردنەوی تەبایی و پێکەوژیان، درێژی پێدەدین و بەشوێنپێی ئەودا هەنگاو دەنێین".

بافە جەلال تاڵەبانی دەڵێت، "سوپاسی تایبەتی دەنگدەرانمان دەکەین لە هاونیشتمانیان و سەرجەم نێتەوە و پێکهاتەکانیتر کە هاوپەیمانیی کەرکوك هەز و ئیرادەمانیان هەبژارد، دەنیاتان دەکەم لەجەی ئومەدی ئەو و دەسزیتاندا دەبین، هەروەها هەو و شەونخونی کادرانمان بەرزدەنرخێنین لە رێژانی بانگەشەی هەبژاردن و دەنگدان و پێزانینیان ئاڕاستە دەکەم".

ئەوەشی خستوەتەڕو، "دەبێت قۆناغی نوێی کارکردنمان، هەنگاونان بێت بە ئاڕاستەی قوکردنەوی ئاشتی و ئاودانیی زیاتر لە ناوچەکە، دەست بە چەپکە گوکەی سەرکی مام جەلالەو بگرین و رێز لە هەمو بیروبۆچونە جیاوازەکان بگرین، پێکەو لەگەڵ برا عەرەبەکانمان بە شیعەو سونە، برا تورکمان و هەمو نێتەو و پێکهاتە رەسەنەکانی تر کاربکەین بە بنیادنانی داهاتویەکی گەشتر کە خەڵکە خەشەویستەکەمان چاوەڕێی خزمەتی زیاتر و ژیانێکی شایستەترمان لەدەکەن و ئەمەش بەڵێن دەدەین کە درۆغی نەکەین و لەخزمەتیاندابین".